# پێناسەو جۆرەكانی نیفاق

[ كردي – كوردی – kurdish ]

صالح بن فوزان الفوزان

وەرگێرانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ النفاق تعريفه وأنواعه ﴾

« باللغة الكردية »

صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# پێناسەو جۆرەکانی نیفاق

یەکەم: پێناسەی نیفاق:

-نیفاق لە وشەی ( النافقاء ) سەرچاوە دەگرێت کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دەرچوونی (گۆرهەڵکەنە)لە کونەکەی. ئەگەر لەو ڕێگەوە مەترسی دەچێتە جێگایەکی تری دەرچوون، یان لەوشەی ( النفق ) ەوە هاتووە کە حەشارگە دەگەیەنێ.
-نیفاق لە ڕووی شەرعەوە واتە: پیشاندانی ئیسلام وچاکە بە ڕووالەت و شاردنەوەی کوفر وخراپە، بەوە ناو نراوە چونکە لە دەرگایەکەوە دەچێتە ناو شەرعەوە و، لە دەرگایەکی ترەوە لێی دەردەچێت، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: { وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ هِيَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ } التوبة: ٦٨. (الفاسقون)واتە: ئەوانەی لەشەرع دەردەچن.
خوای گەورە مونافیقەکانی لە کافران بە خراپتر داناوە وفەرمویەتی:{ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا } النساء: ١٤٥.

هەروەها فەرمویەتی:{ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ۞ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ } البقرة: ٩و١٠.

دووەم: جۆرەکانی نیفاق:

نیفاق دەبێتە دوو جۆرەوە:

یەکەم: نیفاقی بیروباوەڕ: کە بریتیە لە نیفاقی گەورە کە خاوەنەکەی موسڵمانی پیشان دەدات ولەناخەوە بێباوەڕە، ئەم جۆرە نیفاقە کەسەکە لە ئیسلام دەردەکات ودەیخاتە بنی دۆزەخەوە، خوای گەورەیش ئەم جۆرە کەسانەی بەهەموو سیفاتێکی خراپ باس کردووە وەکو بێباوەڕی وگاڵتە کردن بە ئایین و پەیڕەوانی و خۆشویستنی دوژمنانی ئیسلام.

ئەم جۆرە کەسانە لە هەموو سەردەمێکدا هەن بەتایبەتی کاتێك دەسەڵاتی ئیسلام بە هێز دەبێت وناتوانن بە ئاشکرا بەرەنگاری ببنەوە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر دەرخستنی موسڵمانی بە مەبەستی پیلانگێڕی وزیان گەیاندن بە موسڵمانانن هەروەها بۆ ئەوەی بەسەلامەتی لەگەڵ موسڵمانان بژین وخوێن وماڵی خۆیان بپارێزن، جا دەبینین کەسی مونافیق وا خۆی دەردەخات کە باوەڕی بە خواو مەلائیکە وکتێبەکانی خوای گەورە وپێغەمبەران ورۆژی دوایی هە یە، لە کاتێکدا ئەو لە ڕاستیدا باوەڕی بە هیچ لەوانە نییە.

خوای پەروەردگاریش پەردەی لەسەر ئەو مونافیقانە هەڵماڵیوە ونهێنیەکانی دەرخستوون لە قورئانی پیرۆزدا، ئیماندارانیشی لێ ئاگادارکردوونەتەوە بۆ ئەوەی وریابن لە خراپەیان.

لە سەرەتای سورەتی ( البقرة ) خوای نهێنیزان باسی سێ جۆرەکانی خەڵکمان بۆ دەکات کە بریتین لە: ئیمانداران ( المؤمنین ) وبێباوەڕان ( الکفار ) و دووڕووەکان ( المنافقون ) چوار ئایەتی دەربارەی ئیماندارانەو دوو ئایەتی باسی بێباوەڕانە، بەڵام سیانزە ئایەتی تە رخان کردووە بۆ باسی مونافیقان، چونکە خراپە وزیانی ئەوان گەورەیە لەسەر ئیسلام وموسڵمانان، چونکە ئەوان بە ڕواڵەت خۆیان بە موسڵمان دەزانن و لە ڕاستیشدا ئەوان دوژمنی ئیسلامن.

ئەم جۆرە نیفاقە دەبێتە شەش بەشەوە:

١-بە درۆخستنەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

٢-بە درۆخستنەوەی هەندێك لەشەرعەکەی.

٣-ڕقلێبوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

٤-ڕقلێبوونی شەرعی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

٥-خوشحاڵبوون بە دابەزینی ئاینی ئیسلام.

٦-قەڵس بوون بەسەرکەوتنی ئیسلام.

جۆری دووەم: نیفاقی کردەیی: واتە: ئەنجامدانی هەندێك لە کردەوەی موونافیقەکان هاوکات لە گەڵ مانەوەی ئیمان لە دڵدا ، ئەم جۆرە نیفاقە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات ، بەڵام هۆکارێکە بۆ دەرکردنی ، خاوەنەکەشی پێی دەوترێت ئیماندار و نیفاقی تێدایە ، ئەگەریش زۆر بێتەوە دەبێتە موونافیقێکی تەواو ، بەڵگە فەرموودەی پیغەمبەرە صلى الله عليه وسلم: (اربع من كن فيه كان منافقا خالصا ، ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعها ، إذا أتمن خان ، وإذا حدث كذب ، وإذا عاهد غدر ، وإذا خاصم فجر ) متفق عليه .

واتە: هەرکێ چوار خەسڵەتی تێدا بێت موونافقێکی تەواوە، هەرکێش یەکێکی لەو خەسڵەتانە تێدا بێت ئەوەندە موونافیقی تێدایە تاکو وازی لێ دەهێنێ؛ ئەگەر شتی پێ بسپێردرێت ناپاکی دەکات، ئەگەر قسە بکات درۆ دەکات، ئەگەر پەیمان بدات پەیمانەکەی دەشکێنێ، ئەگەر ناکۆکی ومشت ومڕ بکات بێ شەرمی دەنوێنێ. هەرکێ ئەم سیفەتانە ی تێدا کۆبێتەوە هەموو خراپەیەکی لە خۆگرتووە، ئەوەشی یەکێ لەو سیفەتانەی تیابوو بەشێکی لە نیفاق تێدایە.

دەشگونجێ هەندێ خەسڵەتی چاکە وخراپە لەکەسێکدا کۆبێتەوە، بەهەمان شێوە کوفر ونیفاق بەو شێوەش شایستەی پاداشت وسزا دەبێت بەپێی کردەوەکانی.

هەندێکی تر لەو خەسڵەتانە: تەمەڵی لە ئامادەبوونی نوێژی جەماعەت لە مزگەوت، چونکە ئەوە لەسیفەتی موونافیقەکانە،

نیفاقیش خراپەو شەڕێکی زۆر ترسناکە، تەنانەت هاوەڵان زۆر لێی دەترسان، ( ابن ابی ملیکة ) فەرمویەتی:( أدركت ثلاثين من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم كلهم يخاف النفاق على نفسه).

واتە: چاوم بە سی کەس لە هاوەڵان کەوت هەموویان لە خۆیان دەترسان بکەونە نیفاقەوە.

جیاوازییەکانی نێوان نیفاقی گەورە وبچووك:

١-نیفاقی گەورە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، بەڵام نیفاقی بچووك خاوەنەکەی لە ئیسلام دە مێنێتەوە.

٢-نیفاقی گەورە بریتی یە لە جیاوازی نهێنی وئاشکرا لە بیروباوەڕدا، بەڵام نیفاقی بچووك بریتی یە لە جیاوازی نهێنی وئاشکرا لە کردەوەکان نەك بیروباوەڕ.

٣-نیفاقی گەورە لە ئیماندارەوە بەدی ناکرێت، بەڵام دەگونجێ نیفاقی بچووك لە ئیماندارەوە دەرکەوێت.

٤-خاوەنی نیفاقی گەورە بە زۆری تەوبە ناکەن، بە پێچەوانەی نیفاقی بچووك، کە خاوەنەکەی لەوانەیە تەوبە بکات وخوای گەورە لێی خۆش بێت. شە یخولئیسلام ( ابن تيمية ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرموویەتی: زۆر جار بەشێکی نیفاق تووشی ئیماندار دەبێت دواتریش خوای گەورە لێی خۆش دەبێت،یان هەندێ شت تووشی دڵی دەبێت کە مونافیقی دەگەیەنێ، بەڵام خوای گەورە رزگاری دەکات. ئیماندار بەوەسوەسەی شەیتان تاقی دەکرێتەوە، هەروەها

بەگومان وبێباوەڕی کە دڵی پێ تەنگ دەبێت، وەکو هەندێك لە هاوەڵان دەیانفەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کەسی وا هەیە لە ئێمە شتی وا دێتە دڵیدا، کە پێی خۆشە لە ئاسمانەوە بکەوێتەوە خوارەوە نەك ئەو قسانە بکات کە دێتە دڵیدا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی:(( ذلك صريح الايمان)) رواه احمد ومسلم. واتە: ئەوە ئیمانی ڕاشکاوە.

سەبارەت بە ئەوانەی کە نیفاقی گەورەیان تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: { أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ } التوبة: ١٢٦.

( ابن تيمية) فەرموویەتی:زانایان جیاوازیان لە نێواندایە سەبارەت بە وەرگیرانی تەوبەکردنی ئەوان لە ڕواڵەتدا، چونکە ئەوە شتێکی نەزانراوە، ئەوانە ش هەمیشە موسڵمانێتی دەردەخەن. ( مجموع الفتاوى ٢٨/٤٣٤ ـ ٤٣٥).

سەرچاوەی بابەت: عقيدة التوحيد، د. صالح بن فوزان الفوزان.